# نه داران و بێ نەوایـــانی کورد

## ئەحمەد دەشتی



لە کوردستان نێت و لە چەند زایتێکی تردا وێنەی دوو ئافرەتی کوردی هەژارو نەدارو برسیم بەرچاو کەوت کە خەلکی شاری هەولیری پڕ لە کارەسات و ڕووداوی ناخۆشی ڕابوردوو و ئەمڕۆیە و کە ترۆریستان دەستی نامەردانە و جنایەتکارانەیان بۆ گیانی خەلکی ئەم شارە دیرین و پایتەختەی ئەمڕۆی کوردستان درێژ دەکەن و ڕۆژێک نیە کە هەوالێکی ناخۆش و دڵتەزین و پڕ لەئازارو خەم و سەرگەردانیەکان و نارەوایی ونەهامەتی خەلکی کوردستان بە تێکڕایی لەملاو ئەولادا نەبیسترێت و ئەمەش بۆ خۆی کارەسات و هەواله نەهامەتیەکانن کە لە شاری قارەمانان و مەردان و دلیرانی کورد ڕوو دەدات ، ئەم هەموو کارەساتانە و بە سەر هاتە پڕ لە مەینەت و ناخۆشیەکانی کوردستان و شاری هەولێری دێرین و ئەو هەموو هەواله ناخۆشانە دڵی مرۆڤ دەتەزێنی و هەمیشە ئەسرین لە چاوانی هەموو دلسۆزێکی خاوەن کەرامەت و نیشتمانپەروەر دەڕژێنێت،بە داخەوە کە خەلکانێکیش هەن ئەمڕۆکە ئاوا لە نەداری و لە برسان و نەبوونی دا ژیانیان بەرەو مەرگ و نەمان بڕوات و لە کونجی ماله بێ خۆراک و نەبوونی هەموو پێویستیەکی ژیانیان لە ناو ماڵەکەیان دا ئاوا لە برسانا پەلەقاژەی مەرگیان بێت،هەرچەندە ئەم دیاردەیە تەنیا لە شاری هەولێری دیرین دا نیە و لە تەواو جیهان و بە تایبەتی لە هەموو عێراق و لە ناو تەواوی شارەکانی کوردستان دا وەدی دەکرێت و گەلێ کەسانی وا هەن کە تەنیا نانی ڕۆژانەیان دەست ناکەوێت و هەمیشە لە ئاست نەبوونی دا ناڵەیان دێت و جگە لە برسیەتی بەولاوە هیچ شتێکی تر شک نابەن و هەر لەم شارەی کە من لێی دەژیم لەم وەڵاتە پێشکەوتوو و لەوپەڕی تەکنەلۆژیا و گەیشتن بە

لوتکەکانەوە،دەبینین کە بە دەها خەڵک لە سەر جادەکان بەبی نان و ئاوو ژیانی ڕۆژانەیان لە دەم تەلارە بەرزو بڵندەکان و بریقەدارەکانی ئەم بەرلینە کەوتوون و چاویان لە دەستی خەڵکەوەیەو دەست پان دەکەنەوە و داوای تەنیا فنکێک دەکەن



هەرچەند کە موچەشیان لە سۆسیالەوە هەیە، دەتوانم بڵیم کە ئەمە وەک یاسایەکی خودی مرۆڤی لێ هاتووە کە هەمیشە لەم جیهانە پڕ لە غەوغاو نابەرابەری و زوڵم و زۆرداری و کوشتن و بڕین و گەلێ شتی ناڕەوایی تر ڕوو دەدەن و گەلێ کەسان و مرۆڤانی بێ پەناو بێ دەرامەت و کلۆل و بێ نەوایان لە ژیان دا هەن و چارە سەریەکانی ئەم کێشە گرینگەی مرۆڤ لە تەواوی جیهان دا بن بڕ نەکراوە و لە هەموو شارو شارۆچکەکانی تەواوی جیهان ئەم دیاردە زشتە و ناخۆشە هەیە و لە هەر وەڵاتە بە شیوەکە و مرۆڤ کە ئەم ناڕەواییە دەبینێت وەک هەستێکی مرۆڤایەتی ئەگەر بیری لێ بکاتەوە پێم وایە کە هەمیشە ویژدانی نا ئارام و دڵتەنگ و پڕ لە خەم و پەژارە دەبێت، هەرلەخۆیەوە پرسیار دەکات و دەڵێت: گەلۆ دەبێ بۆچی ئەو هەموو نابەرابەریەو ئەو هەموو ڕوداوە تاڵ و ناخۆشانە لە ناو کۆمەلگای خودی مرۆڤدا هەبێت و بۆچی هیوا هەن مڕ دکرێن لە گۆشت و پلاو و ڕابواردن و شەق لە پارە هەلدەدەن و هێندە هەنگڕاون کە خۆشیان نازانن چی لەو پارەو پولە بکەن و بە چی شیوەیەک تا ئەو ڕۆژەی سەریان دەنێنەوەو چۆن ڕابوێرن و لەهیچ شتێکیان کەم نیەو بە شیوەیەکی جا چە بە شێوەیەکی ڕەوا یان بە ناهەقی کردن لە مال و دارایی کۆمەلگاو دزی و جەردەیی و فرت و فێل ئەوەندە دەولەمەند بوونە کە خۆشیان لە دەولەمەندی خۆیان سەریان لێ سوڕ ماوە و گیرفانەکانیان هێندە قوڵن کە بنیان لە بەحران دایەو هەرچەندی تیا بئاخنن هەر پڕ نابێتەوەو هەر خەریکن بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن زیاتر دەست بنێنە ناو دڵی خەلک و چۆن تا بۆیان بلۆێت زیاتر خۆیان دەولەمەندتر و پڕ پارە تر لە ڕێگەی ناڕەوایی کردن و جەردەیی و تالان کردن دا بە

دارایی ئەم خەڵکە بکەن و زیاتر بهەنگڕێن و لە پارەو پول و دارایی و ملک و ماڵ و زێر و زیو بوون هەر چەند زیاتریان هەبێت هەر بە کەمی دەزانن ، هیواش هەن هیچیان نیە و بی دەرامەت و پولی گیرفانیان ژیانی پڕ لە مەینەت و نەداری دەبەنە سەر ،



ئەمڕۆ کە لە کوردستانی ئێمەش دا کە هەڵێکی پیرۆز و پڕ لە هیوای سەرکەوتن و دوا ڕۆژیکی شاد و سەربەخۆیی کوردستان وەدی دەکرێت و هەرچەند کە گیرو گرفتەکان زۆرن و دەبێ کە دڵسۆزانی گەلی کورد و بەرپرسیارانی پاک و خاوەن بیرو باوەڕی کوردایەتی هەر لەمڕۆ ڕا پێویستە کە قۆلی مەردایەتی و کوردایەتی و پاکێان وەک هەمیشە لێ هەل بکەن و دژ بە هەموو ناڕەوایی کردن و فەسادی ئیداری و دزو جەردەکان بوەستن و هەر لەم ڕۆڕا بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەو هەژارو نەدارانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان دا هەن هاوکاریان بکرێت و یارمەتیان بدرێت و موچەیان بۆ ببرێتەوەو لەم ژیان و گوزەرانەیان ڕزگار بکەن و ئەمەش ئەرکێکی میللیەوە دەکەوێتە ئەستۆی هەموو بەرپرسیارانی کوردو بە تایبەتی پەرلەمانی کوردستان کە پێویستە یاسایەکی تایبەتی ئەوتۆ پیادە بکرێت کە بۆ چارەسەری ئەم ڕوداوە دڵتەزینانەی برسیەتی خەلکانی نەدار لە کوردستان دا لە جێگەی خۆی بێت ، چونکە زۆر ناڕەوایە کە ئەمڕۆ لە کوردستان دا خەلکێکی ئاوا هەبن کە وا لە برسان بمرن و نانی ڕۆژانەیان نەبێت و هیچ دەرامەت و هیچ شتیکیان نەبێ کە زگی خۆیان و مال و مندالانیان پی تێر بکەن ،دەبێ دەزگایەکی ئاوا دا بندرێت کە یارمەتی بەو نەدارانەو بەو کەسانە بدات کە هیچیان نیە و بێ دەرامەتن ، هەموو خەلکی کوردستانیش چاوەڕوانی زیتر و باشترو چاکتر کردن لە بەرپرسیارانی هەموو کوردستان دەخوازن و چاویان لەوەیە کە ئەو هەموو نابەرابەری و خۆ دەولەمەند کردن و خەراپە کردن و خیانەت کردن لە دارایی و خەراپەکاری گەلێ لە کارمەندان و دانانی خەلکی خۆ پەرەست و چاوچنۆک و ئەوانەی کە

تەنیا بە یادی خۆیانن و نارەوایی زۆریان لە ژێر باری لێپرسراوەتی دا کردووە!!! دەبێ چارە سەری بنەڕەتی بۆ بدۆزریتەوە،بەچە یاساو قانونێکەوە کەسێ کە ببێ بە بەرپرسیار و تا دوێنێ چی نەبووە بەڵام دوای وەرگرتنی بەرپرسیارەتی ئەمڕۆ دێتە ڕیزی دەولەمەندان و ئەوەندە پارەو پولی خەلک بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی کۆ دەکاتەوە کە پێ هەل دەمسێت و هێشتان هەر هەولی ئەوە دەدات کە زیاتر دەولەمەند ببێ و هەرگیز چاوی پێ تیر نابێت و لە گیرفان پڕ کردنیش تێر نابێت ، دەبێ دڵسۆزانی کوردو کوردستان بە دڵنیایی و خۆشەویستی نیشتمانیانەوە چاو لەو هەموو گیرمەو کێشەو بگرەو بەردەی خەلکانی ناپاک بکەن و لێیان بپرسرێتەوە و پێیان بگوترێ ئەو هەموو دارایی و هەبوونیەتان لە کوێ بووەو چۆن دەستتان کەوتووە؟ دەبێ دڵسۆزانی کورد چاویان لە هەزاران هەزار کورە کوردی قارەمان و دڵسۆزو نیشتمانپەروەر ئەوانەی کە پێسمەرگەی ونن و مافیان هەیە بێت و لێ نەگڕین کە پێویستی دەستی نامەردان بن و بە سەدان خەلکی وەک ئەو دوو ئافرەتە لە کوردستان وەدی بێن و ئەم کارەساتانەی برسیەتی روو بدات و دوژمنان و ئەوانەی کە هەمیشە دزی لە ڕاستیەکانیش دەکەن و لە ئاوی شێلووش دا مەلە دکەن نەتوانن کە بێنە مەیدان و پڕو پوچیەکانیان بلاو بکەنەوە و ئەم روداوانە بقۆزنەوە و دڵسۆزان و خەباتگێران پێ تاوانبار بکەن و پەلاری شللمکوێرە نا پارێزم باوێن ، دەبی ئەمڕۆ هەولی کوردستان بەرەو شارستانیەتی هەمیشەیی کردن بدرێت و ئێمەی کوردیش لە هەموو ڕوییێکەوە کوردستان و گەلی کورد بەرە و ژیانێکی پڕ لە ئاسودەیی و ئارامی و ئاشتی ببەین و کورستان بکەین بە کۆمەلگایەکی پڕ لە شادی و شارستانیەت و دەستی هەموو هۆکارانی فەساد و پیسی ببڕین و هەموو ئەوانەی کە خیانەت و جەردەیی بە دارایی کوردەوە دەکەن بخرێنە ژێر جاوەدێری و دادگایی بکرین و هەزاران تف و نەفرینیان لێ بکرێت، هیوای هەموو گەلی کورد ئەوەیە کە کوردستان لە ژیانێکی پڕ لە ئازادی و سەربەخۆیی دا بژیت و ئەم ئارەزووە هەمیشەییەی دڵسۆزانی کورد وەدی بێت و دەستی ناحەزان و نەیارانی کورد لە بن ڕا ببڕدرێت و یارمەتی هەموو برسی بوەکان و نەداران و بێ نەوایان بدرێت و چارەسەری

ڕاستەقینە بۆ نەدارانی گەلی کورد بدۆزرێتەوە و موچەی ژیانیان لە دەزگایەیەکی تایبەتی کۆمەڵایەتی بۆ ببڕدرێتەوە کە ئەمەش ئەرکێکی میللیەو دەبی ئەنجام بدرێت.

## نان و ئازادی

**ئەحمەد دەشتی**

نان لە پێشــترە لە ئازادی بوون    ئازادی چیە گـەر نانم نەبـوون
دەبێ من بژیم ســا ئازادیم بێ    قــوتی ژیانم لە بۆ مــانم بێ
لەم جیهانەی وابێـدادپەروەری    گەرنانت نەبووناییَ سـەرەوری
ڕۆژگاری چەوت و خواروبەدفەر    گەلیَمرِدەکاوگەلێکیش بیَسەر
ســــروشتی ژیانە لە مێژە وایە    زگتێر و برسی لە جیهان دایە
چۆن زەوی بڵندو نزمی تــێدایە    ژیانی سروشتیش ئاوایە و وایە
باسییەکسانیژیانزۆر دەکریَ    کە هەر بەزارەو پــیادە ناکریَ
چەند شادەکەوایەکسانی هەبیَ    برسیەتی بۆ کەس لە ئارا نەبیَ
هەرچی مرۆڤەشادان و خەندان    سـەربەرزو دارا بژی لە ژیـان
نەچەوساوەبیَو نەمافی بخوریَ    نە لەماڵی خـــۆی بڕەتێندریَ
هەرچی مرۆڤە بەیەکسانی ژین    ڕەهابژیتن لە سەرڕووی زەمین
زۆردارو جەردەو کەسانی ناپاک    ونکرێنبڕۆنلەسەر ڕوییخاک
بەڵام داخەکەم خــۆزیا و بریا    وەدی نایێت و کیَ هەیبوو گریا



ئەم وێنەیەم لە کوردستان نێتەوە وەرگرتووە    21.6.2005